راگەیاندنی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان:

## سەبارەت بە لەت و پەت کردنی منالیکی 4 مانگە لە شاری رانیە



رۆژی 11-2-2006 لە پشت پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە ناوەراستی شاری رانیە تەرمی منالیکی کچی 4 مانگە دۆزرایەوە کە بە شیوەیەکی زۆر وەحشیانە،لەت و پەت کرا بوو، وەخرابووە ناو کیسەیەکی نایلۆنەوە و وا دیار بوو چەند رۆژیکە ئەم کارەساتەی بە سەر هینراوە،دوای دۆزینەوەی لە لایەن ئاسایشەوە رەوانەی نەخۆش خانە کرا ولەوی تەسلیمی پۆلیسی خەستەخانە کرا.تا ئیستاش لیکۆلینەوەکان بەردەوامن بۆ زانینی راستی ئەم رووداوە.

ئەمرۆ ئێمە خەمێکی گەورە دایگرتین ، ئەم هەواڵە نە چیرۆکە و نە خەون و نە مەتەڵێکی دروست کراوە،باوەر بکەن ئەمە راستیە کە و لە سەردەمی ئەمرۆشماندا روویانداو لە شارۆچکەیەکی کوردستان ڕووی داوە ، ئیمە رەسمەکانی ئەو پەپولەیەمان لایە کە لە بەر درەندەی و وەحشیگەری کارەساتەکە نازانین چۆن چۆنی نیشانی ئیوەی بدەین و بلاوی بکەینەوە؟!. " *هەرکەس دەیەوێت ئەو کارەساتە جەرگ برە ببینێ با مەیلمان بۆبکات تا وێنەکانی بۆ بنێرین* ".

بە راستی ئیمە دەپرسین وبۆمان جیگای تیرامانیکی قوولە، ئەوە چ جۆرە ئیسنان و خاوەن چ جۆرە ئیحساس وتیروانینیکە کە وا بەم شیوە وەحشیانە و دژی ئینسانیە ئەم پەپولە 4 مانگە کە هیشتا چاوەکانی بە تەواوی بە دنیای روون هەلنەهاتوون ، بەم شیوەیە وا لەت و پەت دەکات ، چۆن زاتی ئەوەی کرد کە ئەم کارە ئەنجام بدات و ئیستا دەبی چۆن ژیان بە سەر ببات؟!

ئەمە یەکەم جار نیە کە رووداني تراژیدیای لەم جۆرە دەبیستین، لە سالأنی ڕابردوودا و لە 1991 تا ئێستا دەیان جار کێشەی دڵتەزێنی لەم جۆرەمان ڕاگەیاندووە وحکومەتی هەرێمی کوردستانمان لەم تراژیدیانە ئاگادار کردۆتەوە، ئازاد ئەبوبەکری پێڵاو بۆیاغچی لە پشتی ملەوە سەربڕابوو وە لە قەبرسانی شێخ محی الدین فرێدرابوو پاش ئیغتصاب کردنی ، هێمن نورەدین بە زللەیەکی مامۆستاکەی چاوی کوێربوو پاشان کوشتی وە جگە لەسەنتەری منالأن کەسیش یەخەی مامۆستاکەی نەگرت ، عادل لە ترسی هەرەشەی مامۆستاکەی نەوتی بەخۆیدا کردو خۆی سوتاند ، دانا خورشید بەسەربراوی فرێدرا بوو لە باغی ریعایە، لە کاتی تاقیکردنەوەکانی پۆلی سێی ناوەندی بۆ ساڵی 2005 چەند خوێنکاری کچ خۆیان سوتاند لە داخی ئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانە سنگی پشکنی بوون بۆ قۆپییە، وە لە یەکێك لە باخچەی ساوایانی هەولێر لە لایەن دادەیەکی دڵ رەقەوە لە میرشادی تەمەن سێ ساڵان دراو سێ رۆژ لەجێگە کەوت.

رۆژانە بە شیوەیەکی بەرفراوان توندو تیژی لە بەرامبەر بە منالان بەکاردەهینریت و بە شکل و شیوازی جۆراو جۆر ئازاری جەستەیی و رۆحی و نەفسی منالان دەدریت.وا ئەم جارەش منالێکی 4 مانگە بەچەقۆ لەت و پەت دەکرێت و لە تورەکەیەکدا فریێ دەدرێت..!!

لیدان بە شیوەیکی زۆر دلرەقانە و نائینسانانە وسووتاندن و داخ کردنی لەشی منالان وەك شیوەیەکی سزادان، دەست دریژی سیکسی و تەعەروز کردن بە منالان،........هتد، ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکی کەمن لەو کیشە و مەشاکیلانەی کە منالانی ئیمە لەم وولاتەدا بەرەو روویان بووینەتەوە.

***ئینسان دۆستان و لایەنگرانی مافەکانی منالان***

ئەم رووداوە جەرگ بڕانە بەرامبەر بە منالاٌن ، زەنگێکی خەتەرناکەو لە ئێمە گەرەکان ئەرك و بەرپرسیارێتی دەخوازیٚ ، لە دەسەلاٌتدارانی کوردستان لەئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی دەخوازیٚ ، ئیتر بەسیەتی ئەم هەموو زولم و زۆرەی کە لە منالان دەکریت،پەپولەکانی ئیمە نابیت بەم شیوەیە مامەلەیان لە گەلدا بکریت وئەو فەرهەنگ و قانوون و رەسم وياسايەش کە بەرگری لەم جۆرە کردەوانە دەکات و بە شیوەیەکی راستە وخۆ زەمینەی مانەوەی ئەم جۆرە کردەوانە دەهیلیتەوە ، دەبیت توور هەلبدریتە ناو زبلدانی میژووەوە.

ئیمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان داوا لە حکومەتی هەریم و هەموو ریکخراوو حیزب و کەسانی ئینسان دۆست دەکەین کە هەموو توانای خۆیان بخەنە گەر لە پیناو کۆتایی هینان بەم دیاردانە وهەروەها لە هەمان کاتیشدا داوا لە حکومەتی هەریم دەکەین کە ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە گەورەیە ئاشکرا بکات و بە سزا بگەیەنرین.ئەگەر یاسایەك هەبێت تایبەت بە مافەکانی منالاٌن ، ئەگەر عەدالەت و دەسەلاٌتێك بەجێی بهێنیٚ کەس جورئەت ناکات ئەم تاوانانە بەرامبەر بە منالاٌن ئەنجام بدات.

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان هەموو توانای خۆی دەخاتە گەر لە پیناو دۆزینەوەی ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە و بە سزا گەیاندنیان، لە ڕێگەی دەسەلاٌتی یاسایی و دادگاوە.

منالاٌن لە عێراق و کوردستان پێویستیان بە یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆ بەرگریکردن لەمافەکانیان، ئێمە لەسەنتەری منالاٌن بە هاوکاری کەمپینی نێو دەولەتی بۆ بەرگری لەمافەکانی منالاٌن (یەکەم منالاٌن) چوار چێوە گشتییەکانی مافەکانی منالاٌنمان دارشتووە وەك بەلٌگە نامەیەك دەیخەینەبەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق ، وەخەبات دەکەین لە پێناوی جێگیر کردنی و بەرگریکردن لە مافەکانی منالاٌن. لەم نێوەشدا پێویستیمان بە هاوکاری هەموو خەلٌکێکی ئازادیخوازو بەرگریکەر لەمافەکانی منالاٌن ، وە هەموو دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەلاٌتی مەرکەزی بەغداد هەیە.

**سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالاٌن – کوردستان**

www.santarimnalan.com